

دوارۆژ
DWAROZH

فره‌کولتوورخوازی

33032

عه‌لی راتانسی

جیهاد موحه‌مه‌دکردوویه‌تی به کوردی

Preview sample - page 1 of 9 - Soran University Academic Digital Library



له بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ
بۆ رووناکبیری و راگەیاندن
زنجیرەی کتێب (٨)

فرەکولتوورخوازی
عەلی راتانسی
جیهاد موحەمەد
کردوویەتی بە کوردی

| کتێبی فکری و کولتووری

- دیزاینی بەرگ: تێکۆشەر خالید
- دیزاینی ناوەوە: سیروان خەلیل
- زنجیرەی کتێب: ٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار

| چاپی یەکەم ٢٠١٦
| چاپخانەی شڤان

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٠٦)ی سالی (٢٠١٦)ی پێ دراوە

Preview sample - page 2 of 9 - Soran University Academic Digital Library

ناوەڕۆک

پێشەکیی وەرگێڕ ٥

پێشەکیی نووسەر ١٤

بەشی یەکەم: فرەکولتوورخوازی چییە؟ ٢٥

بەشی دووەم: ئایا فرەکولتوورخوازی زیان بە ژن دەبەخشێت؟ ٧٧

بەشی سێیەم: ئایا فرەکولتوورخوازی ژیانی گونجاو و شایستە بۆ کەمینەکان دەڕەخسێنێت؟ ١١٩

بەشی چوارەم: ئاوێتەبوونخوازی و جیاوازیی چینایەتی و جڤاتی یەکگرتوو ١٦٣

بەشی پێنجەم: شوناسخوازیی نیشتمانیی و پێبەندیی و «مەسەلەی ئیسلام» ٢٠٢

کۆتایی: بەرەوپێشچوون ٢٣٩

Preview sample - page 3 of 9 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکیی وەرگێڕ

بۆچی ئەم کتێبەم بۆ وەرگێڕان بۆسەر زمانی کوردی هەڵبژارد؟ لەدوای تەواوبوونم لە وەرگێڕان و چاپی یەکەمی کتێبی (هونەری پەروەردە و فێرکردنی ستەملێکراوان)ی زانا و فەیلەسوفی بە ناوبانگ (پاولۆ فریری)، کە لە چاپی دووەمدا ناونیشانەکەیم گۆڕی بۆ (پێداگۆگیی ستەملێکراوان)[1]، بیرم لەوە کردەوە، کە کتێبێکی دیکە بۆ وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی هەڵبژێرم، کە نزیک بێت لە بابەتی پەروەردە و فێربوون، هەروەها نزیک بێت لە زانستی مرۆییەوە، بەڵکو بتوانم مەڵۆیەک بخەمە سەر شارا و خەرمانی شارەزایی و زانینی خوێنەری کورد، بە تایبەتی خوێندکارە زانکۆییەکان، دەربارەی ئەو کێشە و گرفتە گەورەیەی ئەمرۆ لەسەر کولتوورخوازی و شوناسخوازی دروستبووە و ململانێیەکی بەهێزی بەخۆیەوە بینیوە. ململانێکەش لە نێوان دیدگاکانی کۆنزەرفاتیۆزمی و ناسیۆنالیزمی و دینییەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە لە نێوان چەپگەرا و لیبرالیزم و ئازادیخوازان و دیموکراسیخوازانەوە، کە هەریەکەیان بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆی جۆرێک لە شوناسخوازی و کولتوورخوازی زەقدەکاتەوە و دەخوازێت بەسەر کۆی کۆمەڵ و کۆمەڵگادا بیسەپێنێت.

هەڵبەت ریزبەندیکردنی ئەو ئاراستە بیریانە لە هەردوو ریزبەندییەکەدا بەو واتایە نایەت، کە جیاوازی لە نێوان هەر

---

[1] لەسەر داوای کاک یاسین عومەر ئەم ناونیشانەم گۆڕی.

Preview sample - page 4 of 9 - Soran University Academic Digital Library

ریزبەندێک لەو ریزبەندییانەدا نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە چۆن جیاوازی لە نێوان هەردوو ریزبەندییەکەدا بوونی هەیە، بەهەمان شێوەش جیاوازی لە نێوان بیرکردنەوەی هەر یەکێک لەو ریزبەندییانەشدا بوونی هەیە. بەڵام ریزبەندییەکە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە دوا راڤەکردن و شیکاریدا بیرکردنەوەی هەر یەکە لەوانەی لە ریزبەندییەکدا ناویان هاتووە، لە زۆر مەسەلە و پرسدا یەکدەگرنەوە و ڕەگ و ریشەی بیرکردنەوەیان دەچنەوە سەر یەک سەرچاوە؛ چەپەکان و لیبراڵەکان چەند جیاوازن بەڵام لەسەر مەسەلەی ئازادی تاکەکەس، تاک گەرایی، ئازادی رادەربڕین و ئازادییە گشتییەکان یەک دەگرنەوە و دەچنە پاڵ یەکدی و خوازیارن کۆمەڵگا بخەنە سەر ئاراستەیەکی ئاسۆییانە، هەروەها ئاسۆییانەش دەڕواننە هەر مەسەلەیەک، کە هەوڵدانییان بۆ بە دامەزراوەییکردنی دەسەڵاتەکان و لە یەکتری جیاکردنەوەیانە، هەروەها بە ئۆرگانیکی کارکردن و بە مەدەنییکردنی کۆمەڵگا کارێکی هەرەوەزیی بەسوودە لایان، بۆ فێربوون و پەروەردەش بڕوایان بە کاری هەرەوەزییە. شوناسخوازی و کولتوورخوازی لای لیبراڵەکان و چەپەکان، لەبەرئەوەی بنەماکەی لەسەر نێوەندییبوونی مرۆڤ پێکهاتووە، بۆیە تاک و خودی تاکەکان ون ناکات و نایانسڕێتەوە؛ بەردەوام لە کارە هەرەوەزییەکانیاندا تاک نێوەندە. لە بەرامبەردا کۆنزەرڤاتیڤەکان و ناسیۆنالیستەکان و دینییەکان لە مەسەلەی شوناسخوازی و کولتوورخوازی و ئاراستە بیرییەکانیاندا زۆر لە یەکترییەوە نزیکن؛ پێ لەسەر کولتووری تایبەتی و شوناسی تایبەتی بە جۆرێک دادەگرن، کە کۆمەڵگا لەسەر شێوەی ستوونی دابەش بکرێت و زۆر جار شکۆمەندی و مافی تاک و تاکگەرایی کاڵ بکرێتەوە.

Preview sample - page 5 of 9 - Soran University Academic Digital Library

ریزبەندی دووەم، واتە چەپەکان و لیبرالەکان، ئازادییەکان دەکەن بە بنەمای کولتوورخوازی و دیموکراتیخوازی و دژی دابەشکردنی کۆمەڵگان، کە لەسەر شێوەی ستوونی بێت. لەگەڵ ئەوەی بڕوایان بە تایبەتمەندیی شوناسخوازی و کولتوورخوازی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کار لەسەر ئەوە دەکەن، کە دیالۆگی فرەوان و یەکسان و قوول هەبێت لە نێوان شوناسخوازەکان و کولتوورخوازەکاندا. ئەمەش بۆ ئەوەی کۆمەڵگا ئاسۆییانە بڕوانێت و کار بکات و هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت، واتە دژی هەموو جیاکاری و ڕەگەزپەرستی و هەڵاوێردییەکن؛ دژی ئەوەن بە ناوی کولتوورخوازیی دینیی، یان کولتوورخوازی نەتەوەیی، جیاکاری و جیاوازی بکەن. کۆنزەرڤاتیڤەکان و ناسیۆنالیستەکان و دینییەکان چەند دژی جیاکاری و ڕەگەزپەرستی بن لە دوا جاردا دیسان هەر دەگەڕێنەوە سەر هەمان بەزم و ڕەزم، چونکە ڕەگی بیرکردنەوەیان جۆرێکە کە لەسەر بااڵدەستیی کولتوور پێکهاتووە، واتە کولتوورخوازی لە لایان دەگاتە ئاستێک، کە مافی تاک و ڕەگەز و گروپە جیاوازەکان پێشێل بکات. ناسیۆنالیستەکان زۆر جار بە ناوی نەتەوەییەوە مافی تاک و تاکگەرایی و ئازادیی تاک پێشێل دەکەن؛ هەموو تاکەکانی نێو کۆمەڵگا لە بۆتەی کولتوورخوازیی و شوناسخوازیی نەتەوەییدا دەتوێننەوە؛ دینییەکانیش بە هەمان شێوە مافی تاک و تاکگەرایی و ئازادییە کەسییەکان پێشێل دەکەن؛ هەوڵدەدەن هەموو کۆمەڵگا لە بۆتەی کولتوور و شوناسی ئاینییدا بتوێننەوە؛ کۆنزەرڤاتیڤەکانیش بە ناوی نیشتیمانیی و ڕەهەندە نیشتیمانییەکانەوە زۆر جار شکۆمەندی تاک و مافی تاک و تاکگەرایی گوم دەکەن.

نووسەری ئەم کتێبە (عەلی ڕاتانسی)، زۆر بە وردی و بە دووربینییەکی مرۆڤدۆستانە و زانستییانە و ئەکادیمییانە و بێ لایەنانە، هەوڵیداوە

Preview sample - page 6 of 9 - Soran University Academic Digital Library

لێکدانەوە بکات و شرۆڤەی ئەو جۆرە بابەتە ئالۆزانە بکات، کە کولتوورخوازی و شوناسخوازی دەیانگرێتەوە، هەوڵێداوە بە لێکدانەوەی ئاوەزگەرایی و لە هەمان کاتدا لەسەر بنەمای زانستی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی باس لە چارەسەری کێشەکان بکات؛ بە راشکاوانە و بێ دوودڵیی، وەڵامی دەیان پرسیاری ئاوەزیی داوەتەوە؛ چارەسەری بۆ هەموو مەسەلەکان خستۆتە بەرچاو. هەڵبەت بە پشتیوانی و لەسەر بنەمای زۆربەی دراسەکانی تۆێژەر و لێکۆڵەرە کۆمەڵناسەکان و مرۆڤناسەکان و زانا سیاسییەکان ئەم کارەی ئەنجامداوە. هیچ وەڵامێک و قسەیەکی لە خۆوە نەکردووە. بۆ دەربڕینی هەر رایەک، یان وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک، ئاماژەی بە قسەی زاناکان داوە؛ زۆر بە وردی پەنجەی خستۆتە سەر کێشە و گرفتەکانی شوناسخوازی و کولتوورخوازی لە ئەورووپادا، بە تایبەت لە بریتانیا و فەرەنسا و هۆڵەندا و ئەمەریکادا، کە دەیان نموونەی زیندووی هێناوەتەوە و زۆر بێ لایەنانە، بێ ئەوەی بەڵای هیچ لایەنێکدا دابێتاشێت، قسەی خۆی کردووە. بۆ نموونە وەڵامی دەیان پرسیاری لەمانەی خوارەوەی داوەتەوە:

- ئایا فرەکولتوورخوازی لە کۆمەڵگا و نیشتیمانێکدا زیانبەخشە بۆ ژن و پرسی ژن؟

- ئایا تاک، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر زۆر بە تواناش بێت، دەتوانێت وەک خۆی واتای ژیانمان پێ بدات؟

- ئایا نیشتیمانییبوون ئەوەیە، کە تاک و رۆڵی تاک و داهێنانەکانی و بەرهەمەکانی قووت بدات و لە خۆیدا بیتوێنێتەوە، واتە بە ناوی نیشتیمانییبوونەوە دەسەلاتی سیاسیی و پرۆسەی سیاسیی دەبێت ئازادی و حەزەکانی تاک دەبێت پێشێلبکات؟

- ئایا کاری هەڕەوەزی و هاریکاریی یەکترکردن و کارکردنی

Preview sample - page 7 of 9 - Soran University Academic Digital Library

ئۆرگانییانە بەو واتایە دێت، کە تاک هیچ ڕۆڵێکی کەسیی نەمێنێت و هەموو توانای تاکەکان لەو هەرەوەزییەدا، یان لەو ئۆرگانییەدا قەتیس بمێنێت؟

- ئایا هیچ کولتوورێکی کۆمەڵایەتی گشتی لە جیهاندا هەیە، لە سەرووی کولتووڕە کۆمەڵایەتییە بچکۆلەکانی دیکەوە بێت؟

- ئایا هەموو دەستکەوتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی تەنها بۆ مرۆڤە ڕۆژئاواییەکان دەگەڕێتەوە؟

- ئایا چەمکی دیموکراسی و ئازادیخوازی و تۆڵێرانس و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و هاوواڵاتیبوون، بەرهەمی مرۆڤەکانی ڕۆژئاوان و هیچ کولتوورێکی دیکە نەبووە لە جیهاندا، کە بەشداریی لە بەرهەمهێنانیاندا کردبێت؟

- ئایا کولتوورخوازیی ئیسلامییەکان و کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان بە بونیاد دواکەوتوون و ئەوە چارەنووسیانە، واتە هەتا ماون دەبێت لە جێگای خۆیاندا داخراو و خنکێنراو بن؟

خوێنەری بەڕێز .. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بە تۆێژینەوەیەک لە چوارچێوەی فرەکولتوورخوازیدا چاوی داوەتە سەر ئەوروپای ڕۆژئاوا، کە تیایاندا هاوسەنگی لە نێوان کولتووڕەکاندا بووە بە دەستووری دیموکراسییانە و سیاسەتی دەوڵەتەکانیان.

وەرگێڕانی ئەم کتێبە لای من بۆ سەر زمانی کوردی بەو مەبەستە بوو، کە خوێنەری کورد شارەزایی بۆ پەیدا بێت لەسەر ئاستی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان کولتووڕە جۆراوجۆرەکاندا، کە بە شێوازێکی دیموکراسییانە و ئازادانە بگوزەرێت.

ئەو هاوسەنگییەش:

یەکەم: لەسەر تیۆری سیاسەت و جیهانبینیی دیموکراسییانەی حوکمڕانەکان ڕابوەستێت، کە بەرپرسیارێی چۆنێتی هاوسەنگی لە

Preview sample - page 8 of 9 - Soran University Academic Digital Library

جیهان و داسک و تەشەنگی پیرۆباوەر و خواستی جڤاتیی، دانوانیت
پێوەندییە شکۆمەندەکان وەک خۆی فەراهەم بکات و وەک
بونەورەکەلێکی جڤاتیی وانای ژیانمان پێ بدات، لە لایەکی دیکەشەوە
بڕوان نییە رەوایەتی پێوانە کولتوورەوازییە جڤاتییەکان بسەپێنین بە سەر
تاکەکاندا نەگەر ساوەای ماف بنچینەییەکانی تاک هێندە فراوان نەکەین
- لە رووی جێبەجێکردنەوە نەک خەیاڵ - کە بۆی هەیێت لە جڤاتی
کوردا نەگەر پێویست بوو بۆی دەربچێت و ئازادانەی دەربڕێت بەرامبەری"

یاسەمین عەلی بەعەلی بڕوان: "پێگومان کولتوورەوازییە جیاوازەکان دەبێت
شکۆمەندی خۆیان وەربگرن، بەڵام بە هیچ جۆرێک نابێ ڕاست نییە
بەرامبەر بە ماف بنچینەییەکانی مرۆڤ یەکسێچیبان پێ بدرێت"

عەلی ڕاتانسی: "ئای دەبینم ساوەای پێویستە نەوەیە، کە جێبەجێکردنی
کولتوورەوازیی دەرچێیی ناهێێت ڕێگا بدات بە هەڵوەشاندنەوەی ماف
بنچینەییەکانی تاک و هەڵوەشاندنەوەی توانای هەر تاکێک، کە بەوازیت
بەیەکەوە لە کولتوورەوازە دەرچێیە ڕیشەییەکانی جڤاتەکەی خۆی

ELÎ RATANSÎ
FIREKILTURXWAZÎ

ÎHAD MUHAMED KIRDWYETÎ BE KURD

دوارۆژ
DWAROZH

Preview sample - page 9 of 9 - Soran University Academic Digital Library